# هێڵەکانی هەناردەکردنی نەوت لە عێراق

**فەرهاد هەمزە محەمەد**

مێژووی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤ ئەو کاتەی یەکەم کەشتی نەوت هەڵگر لە ٢٢ی مایسی ئەو ساڵە لە بەندەری حەیفای فەلەستینی یەوە نەوتی کەرکوکی گەیاندە ووڵاتانی جیهان کە لە ڕێگەی لوولە نەوتی (کەرکوك - حەیفا)ەوە ڕەوانە دەکرا.

بایەخدان بە هەناردەکردنی نەوتو پەرەسەندنی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا سەدەی رابردووەوە دەستی پێکرد، لەو مێژووەدا تۆڕێك لوولە (شبكه أنابيب) دامەزرێنرا بە جۆرێك بە هەموو ئاراستەکاندا ( دەریای ناوەڕاست، کەنداو، دەریای سوور) پەل و پۆی کێشا، لە کۆتایی هەشتاکانیشدا گەیشتە ئەو پەڕی پێشکەوتووی‌و لە توانایدا بوو بڕی ٧ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕەوانە بکات.

بەڵام ئەو بارودۆخەی عێراق پێیدا تێپەڕ بوو هەر لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق‌و ئێران‌و شەڕی داگیر کردنی کوێت بووە هۆی سوود وەرنەگرتن لەم ووزە گەورەیەو دەروازە زۆرانە، کە لە چاکترین حاڵەتدا توانرا سوود لە ٤٠٪ی ئەم توانایە وەربگیرێ کە ئەمەش بووە مایەی تەسك بوونەوەی بواری وەبەرهێنان‌و پەکخستنی ئابووری نشتمانی کە داهاتی نەوت بڕبڕەی پشتیەتی.

دوابەدوای خۆماڵی کردنی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢ ئیتر ئەو سامانە بە نرخە بە تەواوی لە ژێر دەستی کۆمپانیای بیانی یەکان دەرچوو کەوتە ژێر دەستی عێراق، هەرچەندە ئەم هەنگاوە لە کاتی خۆیدا زۆر گرنگ بوو بەڵام دواتر بە ئاراستەیەکی خراپ بەکارهات‌و زۆربەی داهاتی ئەو نەوتە دەدرایە تۆپ‌و گوللەو دەنرایە ماڵ‌و حاڵ‌و سنگی خەڵکی عێراقەوە .

بە هەر حاڵ دوای ئەوەی بەعس بە تەواوی کۆنترۆڵی نەوتی عێراقی کرد ئیتر دەستی کرد بە هێنانی چەندین کۆمپانیای بیانی (ئەڵمانی، سۆڤیەتی،




هەنگاری) بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت، توانرا لە ماوەیەکی پێوانەیی کەمدا چەندین کێڵگەی نەوت پەرەی پێبدرێت، چەندین ڕێگەی تری هەناردەکردنی نەوت ئەنجام بدرێت، بە جۆرێك ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ واتا پێش دەست پێکردنی شەڕی عێراق‌و ئێران دەتوانرێت بەسەردەمی زێرینی نەوتی عێراق بژمێردرێت.

هێڵەکانی هەناردەکردن:-

١-هێڵی عێراق - سوریا

یەکەم هێڵەو لە دوو لولەی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان ٣٠ ئینجەو درێژیەکەی ٨٩٣ کیلۆمەترە، دەگاتە بەندەری بانیاس لە سوریا، دووەمیان ٣٢ ئینجە درێژیەکەی ٨٥٤ کیلۆمەترە دەگاتە بەندەری تەرابلوس لە لوبنان.

توانای هەناردەکردنی هەردوو لوولەکە لە رۆژێکدا ١,٤ ملیۆن بەرمیل بوو لە نەوتی کەرکوك ئەم هێڵە لە ساڵی ١٩٨٣ لە سەردەمی شەڕی عێراق‌و ئێران لەلایەن سوریاوە ڕاگیراوە.

٢-هێڵی عێراق- تورکیا

لە ساڵی ١٩٧٧ەوە دامەزراوە چەند جارێك پەرەی پێدراوە، درێژی هێڵەکە ١٠٤٨ کیلۆمەترە، توانای هەناردەکردنی ١,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لەم هێڵەشەوە نەوتی کەرکوك ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

٣-هێڵی (خور العميەو البكر)

لەم هێڵەوە نەوتی کێڵگەکانی باشوری عێراق بە هەردوو بەندەری (خور العميەو البكر) ڕەوانەی دەروە دەکرێت، ووزەی هەناردەکەی لەرۆژێکدا ٣,٢ ملیۆن بەرمیل بوو .

٤-هێڵی عێراق سعودی

لە دوو لولەی ٥٦,٤٨ ئینجی پێك هاتووە، بەشێك لە نەوتی کێڵگەکانی باشووری دەگەیاندە سەر بەندەرێکی تایبەت لە سەر دەریای سوور، ووزەی هەناردەکردنی ١,٦ ملیۆن بەرمیل بوو.

٥-هێڵی عێراق - ئوردن

ئەم هێڵە لە چوارچێوەی بیرۆکە دەرنەچووە دەرەوە بە هەڵپەسێراوی مایەوە، لە توانایدا بوو ڕۆژانە ١ ملیۆن بەرمیل نەوت هەنارده بکات.

٦-هێڵی ستراتیجی

ئەم هێڵە بریتی یە لە بەستنەوەی نەوتی باکورو باشووری عێراق بەیەکەوە لە توانایدا بوو نەوتی بەسرە بە تورکیاوە ڕەوانە بکات، نەوتی کەرکوکیش بگەیەنێتە بەندەرەکانی باشوری عێراق.

لەم ژمارانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عێراق لە کۆتایی هەشتاکاندا لە وزەیدا بوو زیاتر لە ٧ ملیۆن بەرمیل بنێرێتە دەرەوە هەرچەندە ئەو کاتەش هەناردەکردنی ٤ ملیۆن بەرمیلی تێنەپەراند٠

ئەم ژمارانە ئەو نەهامەتی‌و ماڵ وێرانیەمان بۆ دەردەخات کە لە شەر دەکەوێتەوە، عێراق پێش شەر لە چ بارێکدا بوو، واتە پێش ٣٠ ساڵ دامەزراوە نەوتی یەکانی عێراق لە ئێستا پێشکەوتووتربوون پاش ئەو مێژووە دورو درێژە تازە وەزارەتی نەوتی عێراق لە هەوڵدایە بەرهەمی نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا بگەیەنێتە ٤ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا .




# دۆسێی وڵاتانی دراوسێ

**ئازاد کەرکوکی**

عێراق دەیان دۆسێی کراوەیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا هەیە کەمێژوویی هەندێ لەو دۆسێیانە بۆنیو سەدە زیاتر دەگەڕێنەوە، هەردۆسێیکیان کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز لەخۆدەگرێت، کەبەتێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە دوورودرێژەش هێشتا دانەخراوەو چارەسەری کۆتایی بۆ نەدۆزراوەتەوە، گرنگترین ئەودۆسێیانە دۆسێی دیاریکردنی سنوورو دۆسێی قەرەبووکردنەوەی داگیرکردنی کوەیت ودۆسێی بەردانەوەی ئاوی رووبارەکان ودۆسێی داڵدەدانی تیرۆریستان ودزەکردنیان بۆناو خاکی عێراقەوە، ئەمەسەرەڕای ئەوەی کەفرۆکە وتۆپخانەی هەردوو وڵاتی تورکیا وئێران بەشێوەیەکی نیمچە بەردەوام تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، پرۆسەی سیاسی عێراقیش لەژێر کارت وئەجینداى وڵاتانی دراوسێ بەڕێوە دەچێت کەتا ڕادەیەکی زۆر ئەجینداى ئەو وڵاتانە کاریگەری بەسەرئاراستەی پرۆسە سیاسیەکەدا هەیە، لەم بارودۆخە تەنگژەیەدا قەیرانی دبلۆماسی وسیاسی لەگەڵ وڵاتی سوریادا هاتە ئاراوە ئەوەش پاش کرداره تیرۆریستەکەی بەغدا لەبەردەم هەردوو وەزارەتی دارایی ودەرەوە کەدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت نەخشەدانەروپلان دانەری ئەوکردەوەیە پاشماوەکانی حیزبی بەعسە کەدەوڵەتی سوریا داڵدەیانیداوە،لەوێوە قەیرانی دبلۆماسی لەنێوان سوریاوعێراق پەیدابوو عێراق دەستبەجێ داوای تەسلیمکردنەوەی تاوانبارانی کردەوە تیرۆریستیەکەی لەلایەنی سوریاکرد سوریاش داواکاریەکەی عێراقی ڕەتکردەوە، مالیکی هەڕەشە ئەوەیدەکرد داوای پێکهێنانی دادگای نێو دەوڵەتی لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات. تورکیاو کومکاری عەرەبی رۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان سوریاو عێراق بینی بەڵام هەوڵەکانیان بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشت، هەروەك دەزانین مەسەلەی هاتنە ناوەوەی تیرۆریستان لەڕێگەی سوریاوە مەسەلەیەك نیە کەهەربەتەنها ئەمجارە روویدابێت پێشتر ئەم مەسەلەیە باس نەکرابێت بەڵکو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە٢٠٠٣وە ماوەی جارێك ئەم بابەتە وروژێنراوەو باسی لێوەکراوە بەڵام دواجار بەهۆی گوشاری هەندێ هێزی سیاسی یان سەقامگیرنەبوونی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا پشتگوێخراوەو فەرامۆشکراوە، بەڵام ئەمجارە ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی حکومەتەکەی مالکیەوە وەك هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارنەهێنرێت پێویستە بەشێوەیەکی جدی کارلەسەر ئەم دۆسێیە بکرێت ویەکلای بکرێتەوە، چونکە واقیعی رەوشی ئەمنیش ئاماژە بەوە دەکات لەوەتی حکومەتی عێراق ئەم هەڵوێستەیەی دەربڕیوە کردەوە تیرۆریستەکان بەرەو کەمبوون چوونە!!

# هاوپەیمانەتییە نوێیەکانی لیستەکان‌و مۆزایکی سیاسی کۆپیکراو

**ئومێد مەحمود**

بۆ خۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە سەرەتای ساڵی نوێدا(١٦ /١٠ /٢٠١٠) ئەنجامبدرێ هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەو هاوپەیمانەتی فراوانی خاوەن پێگەی جەماوەری فراوان‌و بەهێزن... لەم نێوەدا ئەوەی جێی سەرنجە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی رابردوو هەندێ حیزب‌و قەوارەی سیاسی جیاجیا لەو حیزب‌و لایەنانەی کە پێشتر زیاتر بە ناسنامەی مەزهەبی‌و ئایینی دەناسرانەوە، لە هەنگاوێکدا کە هەندێ لە چاودێرانی سیاسی بە نامۆ پێناسەیان کرد کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنانی بەرەو هاوپەیمانەتییەکی نوێ، لەژێر ناوی (هاوپەیمانێتی نیشتمانیی لە پێناوی (بەگژداچوونەوەی تایفەگەری‌و موحاسەسە)دا!

بۆ کەسانێك کە بارودۆخی عێراق بە تایبەتی بارودۆخی سیاسییان لەلا گرنگە و بایەخی پێدەدەن، ئەو پرسیارە لەخۆ دەکەن کە لەکاتێکدا زۆربەی حیزب‌و لایەنەکان هاوپەیمانەتی پێکەوە گرێیداون، کەواتە ئەم هاوپەیمانەتییە نوێیانە بۆچی‌و لە پێناوی چیدایە؟

سەرەتا بۆ ئەوەی زیاتر چەمکی (هاوپەیمانەتیی) روونتر بێت، ئاماژە بە پێناسەی ئەو چەمکە لە فەرهەنگی سیاسیدا بە پێویست دەزانم. لە فەرهەنگی سیاسی (ئارەش)دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:"ڕێککەوتنی کاتیی حیزبەکان‌و گرووپە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەڵبژاردنەکان‌و پەرلەمان دەگوترێ. لە سیستمە پەرلەمانیە فرە حیزبیانەدا کە هیچکام لە حیزبەکان بە تەنیا دەنگی پێویست بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدەست ناهێنن، دوو یان چەند حیزبێك بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، هاوپەیمانەتیەك پێکدێنن، هاوپەیمانەتیی پەرلەمانیی زیاتر بۆ هێشتنەوە یان هێنانەسەرکاری حکومەتێکی تایبەتی پێکدێ‌و، لەم بارەوە حیزبی گەورەتر لەگەڵ یەك یان چەند حیزبێکی بچووکتردا، هاوپەیمانەتی پێکدێنێ‌و، ئەو حیزبانە بە ڕادەی دەسەڵات‌و قەبارەیان، لە حکومەتدا بەشداری دەکەن، ڕەنگە هاوپەیمانەتیی، لایەنی (نێگەتیڤ)یشی هەبێ، واتە بە مەبەستی روخاندنی حکومەتێك پێکدێ."

کەواتە لەسەر بنەماو رۆشنایی ئەم پێناسەیە، دەسەڵاتی ئێستا جەنگ لە پێناوی مانەوەی خۆی دەکاو بەرەی تازە پێکهاتووش دەیەوێ بیڕوخێنێ.

بە پێی جموجۆڵە سیاسی‌و دیبلۆماسییە راگەیەنراوەکانی لایەن‌و قەوارە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بە تایبەتی لایەن‌و قەوارەکانی ناوەڕاست‌و باشوور، لەیەکەم ساتدا وا دەردەکەوێ کە نەخشەی سیاسی‌و هاوکێشەی هێزەکانی گۆڕەپانی هەڵبژاردن لە گۆڕاندایە یان بەرەو گۆڕان دەچێ، بەڵام گەر بە وردیی تەماشایەکی سروشت‌و ئاوەزو میتۆدی سیاسی ئەو لایەنانە بکەین بە ئاسانی دەرهاویشتەی ئەو هاوکێشانەمان لا روون دەبێتەوە.

تازەترین هاوپەیمانێتی کە تا ئێستا راگەیەنراوە، هاوپەیمانێتی شیعەو سوننەکانە لە ژێر ناوی (هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراقی) کە پێکهاتووە لە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، رەوتی سەدر، ڕێکخراوی بەدر، قەوارەی تەزامەنی موستەقبەل، رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی، کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی، ئەنجومەنی رزگارکردنی ئەنبار، سەرۆکی کۆمەڵەی زانایانی عێراق/ باشوور، گردبونەوەی عێراقی ئایندە، حزبی دەعوە/ باڵی عەبدلوکەریم عەنزی،و چەندکەسایەتییەکی تری سیاسی)، بەهەمان ستایل‌و مۆدێل‌و میتۆدەوە عەلاوی‌و تاریق هاشمی‌و موتڵەگیش لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی تری لەو جۆرەن.

باکگراوندی سیاسی‌و پراتیکی حیزبی ئەو رەوت‌و لایەنانە لای هەمووان ئاشکرایە کە تا چەند مانگێك لەمەوبەر چۆن خوێن‌و سەروەت‌و سامان‌و تەنانەت کەرامەتی لایەنگرانی ئەوی تریان حەڵاڵ دەکردو بە جیهادو جەنگ لە پێناوی نیشتمان‌و نەتەوەیان لەقەڵەم دەدا.

پرسیارێکی گرنگ کە پێموایە پێویستە ئاراستەی پێکهێنەرو سازدەرانی ئەو هاوپەیمانێتیانە بکرێتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو حکومەتەی کە تائێستا کە خۆیان بەشێکن لێی تایفەگەرو دژی نیشتمان بووە، وا ئەمان دەیانەوێ بیڕوخێنن‌و حکومەتی نیشتمانیی دژ بە تایفەگەریی دابمەزرێنن؟

پێموایە هیچ کام لەو بەڕێزانە ناتوانن بە راشکای وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، چونکە هەرگیز رۆژێك لە رۆژان نەیانوتوە حکومەتەکەمان حکومەتێکی تایفییە، بێگومان تا ئەوکاتەی عەلاوی‌و جەعفەری خۆیان سەرۆك حکومەت بوون، بەم وەسفە زۆر توورە دەبوون!

ئەوان تائێستا بە ئەندازەی تاڵە موویەکیش هەڵوێستیان بەرامبەر بە پرسە دیموکراتییەکان‌و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك‌و ماددەی (١٤٠)و نەگۆڕیوە، سەبارەت بە کێشەکانی وەکو گەندەڵیی‌و بێکاریی‌و پرسی ژنان‌و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ‌و ... تاد، لە جاران زیاتر نێگەتیڤترە، بەڵکو لایەنە شۆڤێنیستەکان تاکە رەخنەیان لە حکومەتی ئێستا ئەوەیە کە بە ئەندازەی ئەوان شۆڤێنی نیە.

بە بۆچوون‌و لێکدانەوەی زۆربەی زۆری چاودێرانی رەوشی عێراق، هۆکاری یەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانەتییە نوێیانە، هاتنە خوارەوەی رادەو ڕێژەی دەنگدەرانیانە، چونکە ئەوان پێش هاتنە سەرکاریان عێراقێکیان بۆ دەنگدەرانیان وێنا کردبوو، کە بەداخەوە نەیانتوانی لانی کەمیی بەڵێن‌و ئەو دروشمانەی بانگەشەیان بۆ دەکرد بەئەنجام بگەیەنن، تارمایی شەڕی ناوخۆ هەروا باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشاوە، دەستەبەرنەکردنی سادەترین پێداویستییەکانی ژیان لە ئاوو کارەباو تەندروستیی، تاد، ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو خەڵکی ناوەڕاست‌و باشووردا دورستکردوە کە بێگومان کێرڤی دەنگدەرانی ئەو لایەن‌و حیزبانە بەرەو خوارداده‌شکێنێ.

نزیکبوونەوەی حیزب‌و رەوتە بەناو سوننەکانیش لە پرۆسەی سیاسی نوێ‌و ئەمریکا، زیاتر بۆ قەرەبووکردنەوەو گەڕانەوەی ئەو پێگەو پۆستانەیە کە بەهۆی بەشدارینەکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤ لەدەستیانچوو. بۆیە بەڕای شەقام‌و زۆربەی زۆری چاودێران، دەرهاویشتەی ئایندەی ئەم بەرەو هاوپەیمانێتییە گەر لە رووکەشدا جیاواز لە رابردوودا خۆی نمایش بکا، بەڵام لە بنەماو ناوەڕۆکی خۆیدا هەمان مۆزایکی سیاسیی کۆپیکراوە.

لایەنی کوردیی لەقۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ کارو ئەرکەکانی لەنێو ئەم مۆزاییەکە سیاسییەدا سەخترو قورستر دەبێ، کە پێموایە ستراتیژی گرنگ‌و راستەوخۆی ئەو لیستانە، زیاتر فشارخستنە سەر کوردە، بۆیە خۆئامادەکردن‌و ئامادەباشی بۆ رووبەروبونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، پێموایە دەبێ لە ئێستاوە خەمی بخورێ‌و بەرنامەو تاکتیکی گونجاو لەبەردەستدا بن.

# ئەوە دۆستمە کەدەم گرێنێ ( وەڵامێك بۆپەرلەمانتار ڕەشید عەزاوی )

**سەمەدچاوشین**

ناونیشانی بابەتەکەم پەندێکی کوردییە کەهەرزوو باووباپیرانمان بەپەندی بەجێوو ڕێك وپێکیان بۆهەموو بوارێك وەکودەرمان بۆدەردەدار دەست نیشانکردوە٠

ڕەشیدعەزاوی کەئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە لەسەر لیستی بەرەی تەوافقە لە لێدوانێکیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی عێراق زۆر سست و کەمتەرخەمن کە بەجۆرێك تەنها کورسی یە بۆشەکانیان پڕکردۆتەوە، تەنها (١٠-١٢) ئەندامیان نەبێت کە کارا و ئەکتیڤن. ئەوانی تر وەکو کورد دەڵێ نان خۆر و جێگرن، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پێمان دەڵێت ئەی گەلی کورد فریای خۆتان کەون یاریزانی لێهاتوولێزان دەست نیشان کەن بۆپەرلەمانی عێراق ٠بەڕاستی حەقە سەرکردایەتی کوردبەیەکێتی و پارتی و هەموو حیزبەکانی تری گۆڕەپانی کوردستان بیر لەو زەنگە مەترسیدارە بکەنەوە چونکە ئێستا باوی ئەوە نەماوە ئێمە بڵێین لە فلانە شاخ ئەوندە ڕەبی یەمان گرت لە فلانە شوێن فلانە جەنەراڵی بەعسمان بە سزای گە ل گەیاند ئێستا سەردەم گۆڕاوە خەبات لە شاخەوە هاتۆتە سەر سندوقی دەنگدان گۆڕە پانی شەڕلە شاخەوە و قەڵای زۆردارانەوە هاتۆتە ناو پەرلەمان وکورسی پەرلەمان ئەگەر ئێمە هەربەخەیاڵی جارانەوە لەسەر باسکردنی سەروەریەکانی ڕابردوومان بەردەوام بین دەبێ هەربڵێین ئێمە جاران پاڵەوان بووین.

جێگەی داخ و نیگەرانیە کەئەندام پەرلەمانێکی عەرەب لەلیستێکی تر نەنگی و کەم تەرخەمی پەرلەمان تارانی ئێمە دەربخات بۆیە هەق وایە چیتر پەلەنەکرێ لەدەست نیشانکردنی ئەندامەکانمان لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆئەم مەبەستەش بەبۆچوونی من واپێویست دەکات ڕەچاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین :

١ - بۆدەستنیشانکردنی نوێنەرەکانمان لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەنانەت بۆباڵیۆزی دەرەوەی ووڵاتیش ئەوەی بەرکورد دەکەوێت چیتر خزم خزمێنە و کەس کەسێنە نەکەین بەواتایەکی تروا بیرنەکەینەوە کەفلانەکەس تاچەند ملکەچی فەرمانەکانی فلانە سەرکردەیە ، گرنگ ئەوەیە کەسانی پرۆفیشناڵ بێت لێهاتوو چاونەترس بێت .

٢ - زۆرگرنگە نوێنەرەکانمان دانیشتووی کوردستان بن زۆرنارەوایە کاکم دانیشتووی ئەمریکاو بەریتانیایە کەچی دێت بۆمەرامی خۆی پۆستێك وەردەگرێت کەدیارە بۆهەرمەبەستی خۆیەتی ئەگینا ئەگەروانییە بۆماڵ و منالی ناهێنێتەوە شارەکانی سلێمانی و دهۆك هەولێر وکەرکوك لەم حاڵەتەدا کاکم چاوێکی لە پۆستەکەو چاوێکی لەهەندەرانە کەدیارە زۆربەیان هەربەمۆڵەت کارەکانی خۆیان تەواو دەکەن .

٣-زۆربەداخەوە هێشتا خەڵك لەلای ئێمە تەنها بۆ ئەو پارە زۆرەو ئیمتیازاتە زۆرە خۆی کاندید دەکات بۆئەو پۆستانە نەوەکو بۆ بۆخزمەت کردن .

٤-زۆرگرنگە کەکاندیدەکانمان لەوە بەئاگاداربن کەئەوان نوێنەری گەلن دەبێ کۆروکوبونەوە بەو جەماوەرەبکەن کەدەنگی بەوان داوەو دەبێت بەدەنگ داواکاریەکانیاوە بچن٠

٥- لەهەمووی سەیرتر ئەوەی لە وولاتی ئێمە روو دەدات لەهیچ وولاتێکی تر شتی واڕوونادات بۆنموومە گرنگ ئەوەیە کاکم (بازەکە) لەسەری بنێشێتەوە ئیتر دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا پاشان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و پاشان ئەندامی پەرلەمانی عێراق دووبارە دەگەڕێتەوە دەبیتەوە وەزیر ئەمجا پارێزگارو دیسانەوە دێتەوە دەبێتەو بەرپرسێکی گەورەی حیزبی کەئەم شێوە یە لەهیچ ووڵاتێك پەیرەو ناکرێ تەنها لای خۆمان نەبێ بۆنموونە لەووڵاتە پێش کەوتووکان کەسێك هەرچەندە سەرکەوتوو بێت یەکجار پۆستی دەدرێتێ جا پۆستەکە ٢-٣-٤ساڵ بێت وئیتر کەماوەکە تەوابووو دەچێتەوە شارەکەی خۆی یاخوود گوندەکەی خۆی وەکو کەسێکی ئاسایی دەژێت

٦- زۆرگرنگە لێپرسینەوەو خەڵات کردن هەبێ بۆنوێنەری لایەنەکات بۆنمونە ئەگەر کاندیدێکمان کەم تەرخەم بو لەهەرپۆستێك بێت لێپرسنەوەی لەگەڵدا بکریت ئاگادار بکرێتەوە لەهەمان کاتدا ئەوانەی کاراو ئەکتیڤن خەڵات بکرێن کەچی لای ئێمە تەورووشك پێکەوە دەسوتێنرێ ٠ بۆیە داواکارم لەسەرکردایەتی کورد ئەم لێدوانەی ڕەشید عەزاوی بەهەند وەربگرن هەربەڕێڕەو گوزە نەکات ٠